ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٢

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٢/٢

# بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و پێنجەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە رۆژی ٢٠١٦/٢/٢، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەکۆی دەنگی ئامادەبووان، بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)دا، بڕیاریدابە:

١. کردنەوەی هۆبەی زانیارییپێدان لە هەموو یەکە کارگێڕییەکان و دامودەزگا گشتیی و تایبەتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، (بەپارێزگای هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانیشەوە).
٢. ئەم بڕیارە لە دوای (١٥) رۆژ، لە رۆژی دەرچوونیەوە لەلایەن سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانەوە لەسەر بنەمای مادەو بڕگەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە رۆژی (٢) مانگی (٢) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزيك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org